# خوای ئێمە و شەیتانی ئەوان!

**نوری بێخاڵی**

(1)

بیرمە جارێکیان "رێبوار سیوەیلی" گوتی: دەکرێ لە بچوکترین شت و لایەنە سادەکانی ژیانی ئەم جوگرافیایە شاکاری گەورە بەرهەم بێنین، ئەوەش پێویستی بە بینین و روانینێکی رۆژنامەنووسییانەی ورد هەیە، تا باشتر لە دیاردەکان بکۆڵینەوە و رەهەندەکانیان تێبگەین...رەنگە دەرگا و پەنجەرەی ماڵی هەر یەکێکمان شتگەلی سادە و بچوک بن، بەلاّم دەشێ لەودیو ئەو بچوکی و سادەییانەوە حیکمەتی گەورە بخوێنینەوە.

(2)

دەرگاکانمان بارتەقای ژیانی ئێمە نهێنیان لە پشتەوەیە، پەنجەرەکانیشمان دوو ئەوەندە و زیاتریش، هەر دەرگایە و هەڵگری چیرۆکێك و هەر پەنجەرەیەکیش لە هەناویدا سەربوردەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو دەمانەش پەی بەو چیرۆك و نهێنیانەیان دەبەین، کە سەر بە ماڵی هەژارێك و سوخۆر و بەرپرسێکی گەندەڵپێداوی ئەم وڵاتەدا دەکەین...

(3)

نهێنی خۆشویستنی هەژارێك بۆ دەرگا و پەنجەرە شڕەکەی، لە گەورەیی ئەو ژیانە مرۆییە بێ رتوشەی دایە، کە لە پشتی دەرگا و پەنجەرەی هەژارییەوە دەگوزەرێ، سیحری گۆڕینی مۆدێل و بەردەوامی نۆژەنکردنەوەی بەرپرس و سوخۆری گەندەڵکاریش بۆ دەرگا و پەنجەرەکانی، لەو ترس و دڵەڕاوکێ و ژیانە پڕ فرت و فێڵەی دایە، نەبادا بای تورەیی لانەوازێك بیانهەژێنێ...

(4)

چ دیمەنێکی حەزینە دەرگای ئەو ماڵانەی رێسمەکانیان شکاوە و بەرگەی بایەکی پایزی ناگرن و پەنجەرەکانیان وەك گوڵی ژاکاوی بەر تەپ و تۆز وان و وەکو جەستەیان، ماڵەوەشیان بەبەرچاوی حەشاماتەوەیە، بەلاّم لە پشتیانەوە ژیانێك هەیە لێوڕێژ لە تەبایی و هاوکاری و چاوتێری و قەناعەت، چ کوردایەتییەکی گاڵتەجاڕییانەیە دەرگای ساجی ماڵی ئەو بەرپرسانەی، نەك مێشولە، تەنانەت (با)ش زەفەر بە درزەکانیان نابات و پەنجەرە ئەلەمنیۆمەکانیان لە تینی گەرما و لورەی رەشەبا و کرێوە و نیگای رێبواران دەیانپارێزێ، لە پشتیشیانەوە ژیانێك ئامادەیە پڕ لە بەرژەوەندی هەلپەرستانە و خۆپەرستی و قرچۆکی و تەماع...لە پشتی دەرگاکانی هەژاردا خەمی هۆنینەوەی تنۆکی ئارەقەی هاوینان و درزەکردنی مار و مێرو و مێشوولە و هەڵلەرزینی ترسی باوبۆرانی زستان و چراخانێکی خامۆش، هاکا نەوتەکەی چکی کرد و روناکی ماڵە ساردەکەیانی جێهێشت. لەودیو دەرگا و پەنجەرەی سوخۆر و گەندەڵکاریشدا پرخەی خەوی بەر سپلیت و تریقانەوەی بەر سۆپیا...لەوەی یەکەمیاندا ژیانێکی سادەی پڕ متمانە و خۆشەویستی و دڵنیایی، لە دووەمیاندا عەیش و نۆشی تژی ریایی و درۆ و ترس...

(5)

شەیتان پەشیمانە لەوەی فلانی فێرە گەندەڵی کرد و ئێستاش لەسەر باڵاخانەکەی نووسیوە (هذا من فضل ربي)، ئەو قسەیەیان هاوکارم (جەبار عەلی) بۆی گێڕامەوە، میانەی شەیتان و گەندەڵکارانی ئەمڕۆی کوردستانیش رێك وایە، تا خوا هێزی پێداون بە ناهەقی و ناشەرعی خوێن و سامانی ئەو خەڵك و وڵاتە دادەدۆشن و دواتریش لەسەر تابلۆیەکی کۆشك و کۆمپانیا و باڵاخانەکانیان دەنووسن ئەوە لە چاکەی خوایە..جا ئەگەر وایە خوا بۆ ئەو هەموو نەدار و هەژار و لێقەوماو و بێسەرپەرشت و بێنەوایانەی خۆی بەسەر ناکاتەوە و رووی هات و خێروبێری تەنها کردۆتە ئەو کەسانە؟ پێدەچێ حیکمەتی جیاوازی ئەو دەرگا و پەنجەرە و شێوەژیانی ئەو مرۆڤانە لەو سیحرە دابێت، بۆیە چاکتر وایە بیاریێینەوە، کە ئەو چاکە و خێرەی خوای گەندەڵکاران رووومان تێنەکات و هەروا بەسادەیی لە پشتی دەرگا و پەنجەرە سادەکانمان بژین!!